نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق
نوسینگەی راگەیاندن

# هەواڵنامەی یونامی

## دەنگی نێردە

هەواڵنامە | ژمارە بیست و سێ | حوزەیرانی 2008

## شیکاری یونامی بۆ سنووره نێوخۆییە کێشە لەسەرەکان



*پیتەر بارتو، راوێژکاری یەکەمی یونامی بۆ سنووره نێوخۆییە کێشە لەسەرەکان*

**یونامی چاوەڕێ بوو چی بخاتە رۆژەڤ بە پێشنیارکردنی شیکارەکەی لەسەر سنووره نێوخۆییە کێشە لەسەرەکان لە ٥ی حوزەیرانی ٢٠٠٨دا؟**

مەسەلەی ناوچە کێشە لەسەرەکان ئاڵۆزە و یەکتربڕە لەگەڵ گێڕانەوە ناکۆکەکانی مێژووی عیراق، ئاستەنگەکانی ئێستای و تێڕوانین بۆ پاشەڕۆژی عیراق. ئەم مەسەلەیە هەمیشە وەڵامی سۆزدار دەوروژێنێت بەڵام مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە چۆن کەشێکی لەبار بۆ دانوستان بێنیتە کایە کە هەموو گۆشە نیگاکان لەبەرچاو بگیرێن.

پرسی رۆشنی لە دەسەڵاتی ئیداری لە سەرانسەری عیراقدا گرنگە بۆ گەشە و پەرەسەندنی پاشەڕۆژ. ئێستا بەلای بنەڕەتییە کەمی یەك قەزا هەیە کە ئیدارەکردنی دابەشی سەر سێ پارێزگا بووە. بێگومان ئەمە کاریگەریی هەیە بۆ سەر گەیاندنی خزمەتگوزارییە حکومییەکان بە دانیشتوانی خۆجێی. هەوڵی سەرەکیی شیکارەکەی یونامی بۆ ئەوەیە چارەسەری ئەو پرسی ناڕۆشنیی ئیدارییە بکات.

**هۆکارەکانی نەبوونی کۆدەنگییەکی گشتی لەسەر یەکەم شیکاری یونامی چین؟**

زۆر لە لایەنە سیاسییەکانی عیراق لە پێشنیارەکانی یونامی ناڕازی بوون، ئەگەرچی ئەمە مایەی سەرسوڕمان نەبوو. ئێمە چاوەڕێ نەبووین هیچ لایەنێك پێشوازی لە پێشنیارەکان بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسانی باڵای هەندێك لایەن وتیان کە ئەوان پشتگیریی هەوڵەکانی یونامی بە گشتی دەکەن و دەیانەوێت نەتەوە یەکگرتووەکان لە کارەکەی بەردەوام بێت. زۆربەی لایەنەکان رێز لە نەزاهەتی کارەکە دەگرن تەنانەت ئەگەر لەگەڵ هەموو دەرەنجامەکانیشی نەبن. شتێکی تریش کە زۆربەی لایەکان پێی دەزانن پێویست بوونی لایەنێکی سێیەمی بابەتییە بۆ رابەرایەتیکردنی راوێژکردنی میکانیزمی گونجاو بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ مەسەلەکە.

چەند پرسیارێکی ڕەوا هەن سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان شێوازی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو هەنگاوە دەستوورییانەی لە ماددەی ١٤٠دا هاتوون، بە تایبەتی ئاساییکردنەوە، سەرژمێری و ڕاپرسی. هەندێك لایەن پێیان وایە مەسەلەکە تا ڕادەیەك کاتی بەسەرچووە لەپاش دوا وادەی ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ەوە و، خوازیاری هیچ کۆششی تر نەبوون بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە. هەندێکی تر چارەسەرێکیان دەویست چەندی بکرێت بە پەلە بێت. بە هەر کام لای و بەدەر لە لێکدانەوە دەستوورییەکان، مەسەلەی ناوچە کێشە لەسەرەکان راستییە و وەك کێشە دەمێنێتەوە و، هەر هیچ نەبێت لەپێناو ڕۆشنیی ئیداری دەبێت چارەسەر بکرێت.

**هەنگاوەکانی دوایی چین؟ ئایا یونامی لە مامەڵەکردن لەگەڵ پەیوەندارە جیاوازەکان بەردەوام دەبێت؟**

ئێمە بەردەوام دەبین لە مامەڵە کردن لەگەڵ هەموو پەیوەندارەکانن نەك هەر تەنها بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر یەکەم شیکاری بەڵکو لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکانی تریش. من زۆر خۆشحاڵم بەو پشتگیرییەی لە زۆر لایەنەوە پێمان دەگات. ئەندامانی پەرلەکانی عیراقی، بەرپرسانی راپەڕێنەر لە حکومەتی عیراقی لە هەموو ئاستەکان بەرەو خوار تاکو بەڕێوەبەرانی ناحیەکانیش، سەرکردە خێڵەکییەکانی هەموو لایەك، کەسانی ئەکادیمیی عیراقی و هاوڵاتییانی عیراقی هەموویان ئارەزوومەندانە ڕوانینەکانی خۆیان لەسەر ئەو بابەت گرنگە پێڕاگەیاندووین.

**ئایا ئەو روانینانە دەبنە مایەی هەمواركردنی شیكارەكەی یونامی یان پێشنیارەكانی تری پاشەرۆژ؟ ئەگەر وایە، چۆن؟**

هەندێك "هەموارکردنی بچوك" لە پێشنیارەکانی تری پاشەرۆژ دەبن لەسەر بنەمای ئەو وەڵامانەی لەهەموو هاوبەشانمانەوە پێمان گەیشتوون. هەندێکیان تایبەتن بە میتۆدی کارکردنەکە و هەندێکی تریش راستییەکان دەخەنە بەر گومان. بڕیاری بەجێ و بەردەوام سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی راستەقینە هەن و هێشتاش جیاوازی لە نێوان چەند کۆمەڵگایەك سەبارەت روانگەی شیکاری هەیە. هەموو ئەوانە لەبەرچاو دەگیرێن، بەڵام مەرج نییە ببنە مایەی گۆڕانکاریی گەورە لەو شیکارەی تا ئەمڕۆ بەرهەم هێنراوە. بە هەر حاڵ، ئەوەی کە زیاتر و زیاتر پەسەند دەکرێت و لە ئاستی فراوانتردا هەرس دەکرێت، دروست هەر واشە، ، ئەوەیە کە لە کۆتاییدا ئەو هەر حکومەتی عیراقە کە بڕیار دەدات ئایا ئەو رێوشوێنە ئیدارییەی ئێستا هەن وەکو خۆیان بمێننەوە یان بگۆڕێن.

### پێرست

شیکاری یونامی بۆ سنووره نێوخۆییە کێشە لەسەرەکان ________________ 1

کۆمیسیۆنی باڵای پەناهەندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشکارە جێبەجێکارەکانی چالاکن لە شاری سەدر _2

رێکخراوی تەندروستی جیهانیی بە گوڕوتینەوە بەردەوامدەبێت لە سەر دەستپێشخەرییە تەندروستییەکان لە عیراق ________________________ 3

پەیمانی نێو دەوڵەتی لە گەڵ عیراق- ساڵێك دوای شەرملشێخ________________ 3

# کۆمیسیۆنی باڵای پەناهەندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوبەشکارە جێبەجێکارەکانی چالاکن لە شاری سەدر

**نوسینی : ڕەندە جەمال**



*خانووە ڕماوەکانی شاری سەدر*

باری دژواری شاری سەدر کە ٢.٥ خەڵکی تێدا دەژیات سەرنجی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بۆ خۆی ڕاکێشا. لە چەند مانگی ڕابردوودا کردە سەربازییەکان لە بەشی خوارووی ئەم شارە بە توندی ئەنجام دران و ڕێکخراوەکانیش بەردەوام یارمەتیەکانیان پێشکەش دەکەن لە پێناو چاککردنی ژیانی هاوڵاتیانی سیڤیل و بێ تاوان.

بە تایبەت ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووکان وەك یونیسێف و خۆراکی جیهانیی (WFP) و تەندروستی جیهانیی (WHO) کەوتنە یارمەتیدانی ئەم شارە. ئەم ڕێکخراوانە چەندان ملێون لیتر ئاوی خواردنەوە و کەپسوولی پاکردنەوەی ئاو و خزمەتی پزیشکیی و پاکەتی خواردنیان دابەش کرد هەتتا لە کاتی قەدەغەکردنی هاتو چۆشدا.

یونامی و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە گەڵ گشت لایەنەکان داوای پابەندبوونیان بە مافی مرۆڤ و ستاندەرەکانی مافی مرۆڤ دەکرد بەتایبەت بە دانی یارمەتی مرۆیی بۆ دانیشتوان و هەروەك چۆن داوای ئەوشیان دەکرد کە خەڵکی بێچەك لە خەڵکی شەڕکەر و چەکدار جیا بکرێتەوە لە کاتی شەڕەکاندا.

یەك لە ڕێکخراوە سەرەکییانەی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان کە خزمەتی پێشکەش دەکرد کۆمیسیۆنی باڵای پەناهەندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بوو کە ڕێکخراوێکی پەناهەندەییە و زۆر جەخت لەسەر دروستکردنی خانووە بەشەڕ ڕماوەکان دەکاتەوە بۆ ئەوەی خەڵکەکان بتوانن لە ماڵەکانیان ژیان بە سەر بەرن. نوێنەری کۆمیسیۆنی باڵای پەناهەندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێز دانیاڵ ئەندرێس ووتی " کاری بە پەلە لە هەموو لایەکەوە پێویستە بە تایبەت بۆ یارمەتیدانی خەڵك بۆ ئەوەی بتوانن لە ماڵەکانیان بمێننەوە و ئاوارە نەبن." کۆمیسیۆنی باڵای پەناهەندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە گەڵ ٣ هاوبەشکاری عیراقی ٢٠٩ خانوویان لە گەڕەکەکانی شوعلە و سەدر دروست کردەوە سەرەڕای ئەو خانووانەش کە پێشتر نۆژەن کرابوونەوە. هەوڵی هاوبەشانەی کۆمیسیۆنی باڵای پەناهەندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بریتی یە لە کار کردن لەسەر ١٠٠٠ خانووی تر بە زۆری لە شاری سەدر. تێچوونی نۆژەنکردنەوەی ئەم خانووانە بە چاککردنی دوکانەکانی بازاڕی ئەلجەمیلە بە پێدانی کەرەسەی خانوو بە خانەوادە لێقەوماوەکان بە ١٠ ملێون دۆلار مەزەندە دەکرێ.

لە ڕاستیدا ئەم هەوڵانە هەتتا ئەگەر بچووکیش بن جیاوازییەکیان لە ژیانی خەڵکی ئاسایی دروست کردوە. بەرپرسی کۆمیسیۆنی باڵای پەناهەندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە عیراق ووتی " بەهاناوەچوونی مرۆیی لەم کاتانەدا سەرەڕای مەترسی و بەربەستەکان بەڵگەی گرنگن لە سەر پشتگیریی و هاوشانیی کە بەڕاستی دەتوانێ جیاوازییەك لە ژیانی خەڵکەکە دروست بکات." ئەو زیاتر لە سەری ڕۆیشتوو ووتی " ئەگەر توو لە عیراق بیت و تووشی ئەو خەڵکانە بیت کە تووشی ناخۆشیی و دژواریی زۆر هاتبن و هێشتاش تامەزرۆی چاککردنی دۆخی وڵاتەکەیان بن، من زیاتر باوەڕم لا دروست دەبێت کە لێرەبوونی من وەك سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە نەك هەر تەنها گرنگە و بەس بەڵکوو پێویستیشە."

هەروەها بەڕێز ئەندرێس بار و دۆخی ئاوارە و پەناهەندە عیراقییەکانی ڕوونکردەوە و ووتی "یەك لەسەر شەشی عیراقییەکان ئاوارەن کە ئەمەش قەیرانێکی مرۆیی ترسناکە لە مێژووی نزیکدا ." یەك ملێون نیو عیراقی لە ساڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ ئاوارە بوون. لە ووتەیەکی دڵخۆشکەر بەڕێز ئەندرێس ووتی " مایەی دڵخۆشییە کە لە هاوینی ڕابردووەوە ژمارەیەکی وا بەرچاو ئاوارە نەبوون و بگرە هەندێکیشیان دەستیانکردوە بە گەڕانەوە."

سەرەڕای هەوڵەکانی دروستکردنەوە کەرەسە ناخۆراکییەکانیش وەك حەسیر و بەتانی و جلیکان و سۆبە و کەرەسەی چێشتخانەش دابەشکراوون لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای پەناهەندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە سەر ئاوارە ناوخۆییەکان و لێقەوماوانی توندوتیژیی.



*کۆمسیۆنی باڵای پەناهەندەکانی سەر بە UN کەل و پەلی ناخۆراکی دابەش دەکات*

# ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی بە گوڕوتینەوە بەردەوامدەبێت لە سەر دەستپێشخەرییە تەندروستییەکان لە عیراق



*بەرپرسانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەردانی نەخۆشخانەی فێرکاریی بەغدا دەکەن*

**بە پێنووسی : ڕەندە جەمال**

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی و هاوبەشکارانی و وەزارەتی تەندروستی عیراق لە مانگی حوزەیران گەشەیان بە چوارچێوەکارێك دا بۆ کەرتی تەندروستیی. نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی عیراق د.نەعیمە ئەل-قەسیر مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە چاکسازیی تەندروستی "پێویستە خزمەتە تەندروستییەکان دابین بکات بە بەکارهێنانی شێوازی چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی وەك چاودێریی دایکان و منداڵان و سەلامەتی خواردن و دابینکردنی ئاوی خاوێن و کەمکردنەوەی نەخۆشییە درمییەکان و هەروەها دابینکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ دەستەبەرکردنی "ئامانجەکانی هەزارساڵانەی گەشەکردن."

سەرەڕای ئەمەش، شارەزایەکی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی لەگەڵ زۆرێك لە پەیوەندارانی عیراقی و وەزارەتی تەندروستی عیراقی کەوتنە کارکردن لە بەغداد بۆ دۆزینەوەی " ئامادەسازیی و بەهاناوەچوونی کتوپڕ." ئەم کۆمەڵە کەوتنەو بڵاوکردنەوەی ووشیاریی لەسەر مەترسییە سروشتییەکان وەك بومەلەرزە و لافاو و ووشکەساڵیی و هەروەك چۆن تاووتوێی ئەوەشیان کرد کە چۆن مامەڵە لە گەڵ ئەو مردنانە بکرێت کە بە هۆی کارەسات و تاوانی دەسکردەوە ڕوودەدەن.

لە ٩ی حوزەیرانیش د.ئەل-قەسیر لەگەڵ چەند شارەزایەکی جیهانیی سەردانی خەستەخانەی بەغدای فێرکارییان لە ئەعزەمیە کرد. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی پێشتریش ئامۆژگاریی و یارمەتی تەکنیکیی دابوو بە دامەزراوەکانی ئەم خەستەخانەیە. د.ئەل-قەسیر و هاوەڵانی بە گەشبینییەوە تێبینی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوانەیان کرد کە خەستەخانەکە بە خۆیەوە بینیوە لە سەردانەکانی ڕێکخراوەکە لە ٢٠٠٤ و ٢٠٠٦ەوە هەر لە شارەزایی کارمەندەکانی و خاوێنیی خەستەخانەکە و هەبوونی دەرمان و توانای خەستەخانەکە بۆ لەخۆگرتنی نەخۆشی زیاتر تا دەگاتە ئامادەبوونی بەشی فریاکەوتن لە چارەسەری ڕووداوەکان.

بە لاّم هێشتاش چاودێریی تەندروستی بە دەست نەبوونی دکتۆری شارەزاوە دەناڵێنێ چونکە زۆر دکتۆری بەناوبانگ بەرەو هەندەران کۆچیان کردوە کە ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی بۆشایی لە شارەزای تایبەتمەند. دکتۆر و پەرستارە تازەکان لە خەستەخانەی فێرکاریی بەغداد داوایان لە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی کرد کە پێشکەوتنی فێرکاریی لەم بوارانە دەستەبەر بکات.

لە ئەنجامی ئاخاوتنی نەخۆش و خێزانەکانیان بەرپرسانی تەندروستی ئەوەیان بۆ ڕوون بۆوە کە نەخۆشەکان لە خەستەخانەکە و خزمەتەکانی ڕازین. ژنێك کە منداڵە ٦ ساڵییەکەی نەشتەرگەریی دانانی گوێی دەسکردی بۆ کرابوو بە د.ئەل-قەسیری ووت " ئێستا منداڵەکەم دەتوانێ ببیستێ و واخەریکە فێرە قسەش ببێت بۆیە من سوپاسی دکتۆری تایبەتمەند دەکەم کە توانی پەیوەندیی لە نێوان من و منداڵەکەم دروست بکات."

هەروەها نوێنەرەکەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی سەردانی بەندیخانەی ژنانیشی لە کازمیە کرد بۆ ئەوەی هەبوونی خزمەتە تەندروستییەکان هەڵسەنگێنێ بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندییان بە تەندروستی مێشك دەروونی ونەخۆشییە درمییەکانەوە هەیە.

هەروەها د.ئەل-قەسیر تێبینی ئەوەشی کرد کە پێکهاتەی بەندیخانەکە زۆر خراپە و پێویستی بە پەرەپێدانی بەرچاو هەیە. هەرچەندە خزمەتە تەندروستییە بنەڕەتییەکان هەن بەڵام هێشتاش شارەزایی تەندروستیی پێویستی بە ڕاهێنان هەیە بۆ ئەوەی کارامەیی تەکنیکییان پەرەی پێ بدرێت و هەرەها نۆڕینگەی تەندروستیش پێویستە لە بەندیخانە سەرەکییەکە جیا بکرێتەوە. د.ئەل-قەسیر سەڕی سووڕما لەوەی کە بەندییەکان شوێنی تایبەتییان نی یە بۆ دانیشتن لە گەڵ خێزانەکانیان لە کاتی سەردانیکردنیان.

بۆیە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی و نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی داوایان کرد وەزارەتەکانی تەندروستی و داد بەدواداچوون بۆ باری بەندیخانەکان بکەن و خزمەتەکانیش چاك بکەن کە ئاو و ئاوڕۆ و ڕاهێنانی پیشەییش دەگرێتەوە.

## پەیمانی نێو دەوڵەتی لە گەڵ عیراق- ساڵێك دوای شەرملشێخ

کۆنفرانسێك سەبارەت بە تێڕوانینی ٥ ساڵە لەسەر عیراق لە مەڕ گەشەکردنی هاوبەشکاریی لەگەڵ کۆمەڵی نێو دەوڵەتیی بۆ دستەبەرکردنی دیموکراسی و سەرتاپای گەشەکردن بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووکان و لە سەر ئەرکی بانکی نێو دەوڵەتیی و سندووقی عەرەبی بۆ گەشەکردن و بانکی گەشەکردنی ئیسلامیی لە ئایاری ٢٠٠٧ لە شەرملشێخ بەسترا.

بەشداران بریتی بوون لە دەوڵەتانی دراوسێی عیراق و ڕێکخراوە جیهانییەکان و چەند کۆمەك بەخشێك کە پشتگیرییان لە ئاوەدانکردنەوەی عیراق دەکرد.

"پەیماننامەی نێو دەوڵەتیی لە سەر عیراق" یەکەم ساڵیادی خۆی لە " کۆنفڕانسی گرووپی ڕاوێژیی" بە میوانداریی حکومەتی سوید لە ٢٩ی ئایار ئەنجام دا کە وەزیرانی کاروباری دەرەوە و نوێنەرانی دیپلۆماسی زیاتر لە ١٠٠ وڵات و ڕێکخراوە جیهانییە سەرەکییەکانی بە یەکەوە کۆکردەوە.

وێڕای باسکردنی دەسکەوتە گرنگەکان لە باشبوونی ئاسایش و درێژەدانی دان بە گفتوگۆ بۆ ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی وئارامیی و گەشەکردنی ئابووریی، سەرەك وەزیرانی عیراق بەڕێز نووری مالیکی پابەندبوونی عیراقی دەربڕی بۆ بەردەوامبوون لە چاکسازیی ئابووریی و کۆمەڵایەتی. هەروها بەڕێزی داواشی لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیی کرد کە بەشداربن لەو هاوبەشکارییە ستراتیژییەی سەرلەنوێیەی لە گەڵ عیراق هەیە لە پێناو پڕۆسەی سەر لەنوێ گەڕانەوەی عیراق بۆ ناو هەرێم و هەروەها تێکەڵبوونی بە جیهانی ئابووریی.

حکومەتی عیراق کە هاندراوە بەو زیادبوونەی ئێستای بەرهەمی ئابووری و توانای فراوانی لە بەرنامەی وەبەرهێنانی نیشتمانیی و خۆماڵیی هاوبەشیی دەکات لە گەڵ هاوبەشکارانی لە گەشبینیی بۆ سەرەتایەکی تازە بۆ عیراق لە چوارچێوەی پابەندبوونی دولایەنانە بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و کەمکردنەوەی بێکاریی و هەژاریی و ناناوەندبوونی بەردەوام و فراوانکردنی دەسپێشخەری ئابووریی دولایەنانە و هەرێمیی وپشت هەرێمیی.

حکومەتی عیراق بۆ ئەوەی پێشنیارەکەی سەبارەت بە هاوبەشکاریی تازە بۆ گەشەپێدان ئامادەیی خۆی نیشاندا کە دەست بە پرۆژەیەکی هەمە داراییی بکات و داواش لە کۆمەکبەخشەکانیش بکات بۆ ئەوەی ڕێ بدەن بە بەکارهێنانی سەرچاوە داراییەکانی بۆ

بۆ گفتوگۆیەکی هەرێمیی بنیاتنەر و هەروەها بۆ گونجاندنی شێوازی بازرگانیی لە پێناو سەر لەنوێ چوونە ناو رێکخراوی بازرگانیی جیهانییەوە عیراق دەیسەلمێنێ کە بە توندی بڕیاری داوە کە گرژییەکان نەهێلێ و پەرەش بە ئامانجە دیپلۆماسی و سیاسییەکانی بدات لە رێی هاوکارییەکی بەهێزی ئابووریی هەرێمیی و جیهانیی.

هەروەك سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بانکی مۆن ئاماژەی پێکرد بەیاننامەی کۆنفرانسی سوید هیوابەخش بوو و هانی هاوبەشکارانی جیهانیشی دەدا لەسەر بەهێز کردنی هاوکارییان لە گەڵ حکومەتی عیراق و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بەیەکەوە کار بکەن بۆ دەرچوون لە توندوتیژیی و نائارامیی.




*سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوبەشانە سەرپەرشتی کۆنفرانسی گرووپی راوێژکاری رێکەوتننامەی نێودەوڵەتی لەسەر عیراق دەکات*

گەشەپێدان بە یارمەتی هاوبەشکارانی بە توانای جیهانیی لە پێناوجێبەجێکردنی باشتر کە بە گوێرەی ستاندەری توانای خەرجکردنی جیهانیی بێت.

سەرەڕای ئەمەش، لە میانەی گێڕانی رێوورەسمێکی تایبەت لە کۆنفرانسی ستۆکهۆلم، حکومەتی عیراق رەزامەندی نیشاندا لەسەر " جاڕنامەی پاریس بۆ کاریگەرییوونی یارمەتیی" کە زیاتر لە ٩٠ وڵات و ٢٦ رێکخراوی جیهانیی لە خۆ گرتبوو بۆ شێوازی بەرێوەبردنی یارمەتی. ئەم شێوازی بەرێوەبردنی یارمەتییە لە سەر بنچینەی ئامانجەکانی "رێکەوتنامەی نێودەوڵەتی لەسەر عیراق" و (NDS ) دامەزراوە کە دەستەبەری گونجاندنی کۆمەکبەخشەکان دەکات لە گەڵ هاوبەشکاربوونێك کە لەسەر بنەمای ئەنجام و بەرپرسیاریی دوولایەنانە دامەزرابێت بۆ گەشە پێدان لە ژێر خاوەندارێتی تەواوی عیراق. بە ئیمزا کردنی " جاڕنامەی پاریس بۆ کاریگەریبوونی یارمەتیی"، عیراق دەسەڵاتی تەواوی پێدراوە بۆ رێنمایی کردنی یارمەتی دەرەکیی کە وەردەگیرێ بۆ پێشینەکارە ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی.

وەڵامدانەوەی باشی کۆمەکبەخشەکان لە سوید بۆ میکانیزمی هەمە دارایی لە چوارچێوەی "رێکەوتنامەکە" و بە گوێرەی پرەنسیپی " جاڕنامەی پاریس " هانی عیراق دەدا لە سەر لابردنی گشت کۆسپ و تەگەرەکان کە لە ساڵانی رابردوو ببونە بەربەست لە بەر دەم حکومەتی عیراق بۆبەشداریکردنی لە هاوکارییەك کە تێچوونەکەی هاوبەش بێت بە تایبەت ئەوەی پێویست بێت بۆ پڕۆژە گەلێك کە بەڕاستی پێویستیان بە داراییەکی زۆر هەیە و کۆمەکبەخشەکان بە تەنیا ناتوانن دابینی بکەن.

بۆیە دەسکەوتە یاساییەکانی عیراق سەبارەت بە گەشەپێدانی بەڕێوەبردنی باش و واڵایی و دەوری یاسا بوونە مایەی ئیمزاکردنی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی گەندەڵیی و ئەشکەنجە هەروەك چۆن بوونە مایەی گێڕانەوەی دەسەڵاتی پارێزگاکان و سەربەخۆیی لە سەرفکردنی دارایی هەمووی لە لایەن بەشدارانی کۆنفرانسی ستۆکهۆلم دانی پێدانرا و باسیشیان لە دەوری "رێکەوتنامەی جیهانیی" کرد لە بەتواناکردنی حکومەتی عیراق کە رێ بۆ عیراقێکی تازە خۆش بکات. هەروەها بە هەوڵە بەردەوامەکانی

سەبارەت بەو چوار ساڵەی کە ماوە لە " رێکەوتنامەی" هاوبەشکاریی عیراق لە گەڵ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەڕێز ستافان دی میستورا جەختی لەسەر پابەندبوونی توندی رێکخراوەکەی کردەوە بۆ بەردەوامبوون لە یارمەتیدان و پشتگیریی لە پێناو کورتکردنەوەی ماوەی راگوزاریی عیراق بەرەو دیموکراسییەکی پتەو و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگایەك کە پێویستە مێژووی شکۆدار و پایەی خۆی بەدەست بێنێتەوە لە نێوان ئابوورییە گەشەکردووەکان.




| | 4.1. Public Resources Management | 4.2. Strengthening Institutions-Improving Governance | 4.3. Economic Reform | 4.4. Human Development and Human Security | 4.5. Energy (Oil, Gas, Electricity | 4.6. Agriculture and Water Management Strategy | Legislative agenda |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Achieved | 15.79 | 25 | 27.5 | 14.86 | 12 | 7.14 | 57.14 |
| In progress | 54.39 | 46.88 | 50 | 54.05 | 72 | 67.86 | 42.86 |
| Not addressed | 24.56 | 21.88 | 20 | 24.32 | 12 | 10.71 | 0 |
| No data | 5.26 | 6.25 | 2.5 | 6.76 | 4 | 14.29 | 0 |


## هەواڵنامەی (یونامی)

**هەواڵنامەیەکە نوسینگەی راگەیاندنی سەر بە نێردەی نەتە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی ) دەریدەکات**
**بابەتەکانی ئەو هەواڵنامەیە مەرج نییە دەربڕی رای نەتوەیەکگرتووەکان بێت**

**بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بەم پۆستە ئەلکترۆنییە ی خوارەوە بکەن:**
**Unami-information@un.org**
**یان پەیوەندی بە خاتوو رەندە جەمال بکەن بەم ژمارەیەی خوارەوە:**
**2644 - +962 6 5504700**
*jamalr@un.org*
پێگەی ئەلکترۆنی: www.uniraq.org